www.kurdistannet.org
12:21 2006-10-2 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بە جنێودان بەسەرکردەکان ناوبانگ پەیدا ناکەن ... کارزان گلی

ئەگەر مرۆڤ بە ویژدانەوە سەیری رووداوەکانی ناو کوردستان بکات، هەوای ئەو ئازادییەی کەوا بەدی هاتووە هەڵمژیبێت ئەوا هەرگیز نابێت ئەرك و دڵسۆزی سەرۆك بارزانی لەیاد بکات لەئاست شتە چارەنووسسازەکان و بەدی هێنانی ئەو هەموو دەسکەوتە مەزنەی کەوا لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا بەدی هاتووە. من ئەو رۆژەم هەرگیز بیر ناچێتەوە کاتێك بارزانی لەبەردەم هەموو میدیاکانی جیهان گوتی: ئەگەر لەشکری تورك بێتە ناو کوردستانەوە دەبێت یەکەم جار بەسەر لاشەی مندا بڕوات بۆیە بڕیارەکەی خۆی بەجێ گەیاند و تا ئێستاش لەشکری تورك خەون بە کوردستانەوە دەبینێت. ئالای عێراق لەگەڵ ئەوەی هیچ تەعبیرێك لە نەتەوەی عێراق و پێکهاتەکەی ناکات تەنها بەعسیزم نەبێت ئەو ئالایەی بەهەزاران کوری تێدا ئەنفال و کیمیاباران کرا ئەگەر هەڵوێستی بارزانی نەبوایە دەبایە زۆر بەشانازیشەوە لەهەموو شوێنێکی کورستان ئالای بەعسیزم هەڵبکرابایە، ئیتر چۆن شانازی بە سەرکردەیەکی وەها دلۆڤان و بەوەفا و بەئەمەك نەکەین. من نامەوێت ئەم بابەتەم ببێتە پیاهەڵدان بەسەر سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە یاخود تەنها باسی خەباتی بارزانی بکەم بەپێچەوانەوە سەرکردەکانی تریش لەتەك بارزانیدا هەڵوێستی جوامێرانەیان نواندووە بەڵام هەندێك راستی هەیە پێویستە دەرکی پێبکەین و بیخەینە باس و لێکۆڵینەوە. من لە زۆر شوێنی تردا گوتومە ئاساییە مرۆڤ لە وڵاتەکەی خۆیدا بۆخۆی لایەنێك هەڵبژێرێت جا چ پارتی بێت یاخود یەکێتی یان زەحمەتکێش یان شیوعی... هتد، بەڵام پێویستە لەسەر هەمومان لایەنە باشەکانی حیزب وەربگرین و لایەنە خراپەکانی بخەینە روو بێگومانیشم لەوەی رۆشنبیرانمان هەمان بۆچوونی میان بەلاوە پەسندە.
گەندەڵی ئێستا بۆتە باسی هەموو چین توێژێکی ئەم وڵاتە کە مافێکی رەوای خۆیانە لێی بێدەنگ نەبن و هەڵوێستی بەرامبەر بنوێنن بەڵام ئاخۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بە جنێودان بە بەرپرسان و قسەی نابەجێ چارەسەر دەکرێت؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو بەگفتوگۆ و رەخنەیەکی بەجێ بەمەرجێك ئەو رەخنەیە کاریگەری لەسەر بەرپرسان هەبێت بەجۆرێك شەرم دایان بگرێت و بیر لە گەندەڵی نەکەنەوە نەوەکو جنێودان بەکەسایەتی و لەکەدار کردنی تاکە کەسی ئەمە چارەسەر نییە یاخود کەسانێك سەرۆکی هەرێمیان کردۆتە لایەنێك لەو گەندەڵییە من نازانم گەندەڵی هەموو کون و قوژبنێکی داپۆشیبێت چۆن بە سەرکردەیەك چارەسەر دەکرێت ئەگەر ئێمە خۆمان دڵسۆزی نەنوێنین بەرامبەر بە گەل و خاك و نیشتیمان، ئەگەر ئێمە خۆمان ویژدان لە گیانماندا نەبێت دڵمان بە نیشتیمان و دایکی شەهیدان نەسوتێت ئیتر چۆن دەتوانین بەسەر گەندەڵیدا زاڵ بین.
ماوەیەك کۆمەڵە گەنجێکی موراهیق فێر بوونە لەسەر سایتەکانی ئینتەرنێتدا جنێو بەسەرکردەکان دەدەن بەتایبەت بارزانی تەنها بۆ ئەوەی خەڵکی بڵێن فلانە کەس زۆر جوامێرانە هەڵوێست بەرامبەر سەرکردەکان دەنوێنێت یاخود بەس بۆ ئەوەیەتی شوهرەت پەیدا بکات بەڵام چ شوهرەتێك جنێودان بە سەرکردەکان.
من نازانم لەم وڵاتەی ئێمەدا رۆشنبیرەکان چۆن لە دیموکراتی گەیشتون چۆن لەواتاو تیۆری دیموکراتی گەیشتون. نووسەر ئەگەر بیەوێت خزمەت بە کارەکەی خۆی و کۆمەڵگاکەی بگەیەنێت دەبێت بە جۆرێك رەخنە لە دەسەڵات بگرێت کە بەرژەوەندی هەموو چین توێژێکی تێدابێت بەجۆرێك دەسەڵات لەئاستیدا چۆك دابدات و چارەسەرێك بۆ رەخنەکەی تۆ بدۆزێتەوە نەوەکو تەنها بۆ ئەوەی بناسرێیت جنێو بەسەرکردەکان بدەیت و بەس. من نامەوێت ناوی ئەو کەسانە بهێنم کەوا جنێو فرۆشن بەڵام بابەتی وا

دەخوێنمەوە پێکەنیم بە بابەتەکە و خودی نووسەرەکەش دێت چونکە هەر لە دێڕی یەکەمەوە تا کۆتایی لە جنێودان بە سەرکردەکان زیاتر هیچی تری تێدا نییە.
تۆ ئەگەر دەتەوێت لەناو خەڵکیدا بناسرێیت زۆر ئاسانە بڕۆ ببە بە چەقۆ کێش هەموو خەڵکی دەتناسن، ببە بە دز، ببە بە ئیرهابی، ببە بە کەسێك تەنها بیر لە تێکچوونی شێرازەی کەمەڵگا بکەرەوە ئەمانە هەمووی شوهرەتی پێ وەردەگریت، بەڵام بیرت لە ئەنجامەکەی کردۆتەوە کە ئەو شوهرەتەت لە چ لایەنێکەوە پەیدا کردووە. من لە کۆتایی بابەتەکەمدا بە هەموو ئەو نووسەرانە دەڵێم کە جنێوفرۆشن، ئەگەر دەتانەوێت بە جنێودان بە سەرکردەکان ناوبانگی خۆتان بەدەر بێخن ئەوە زۆر بەهەڵەدا چون چونکە کەسی رۆشنبیر پێکەنینی بە رەخنەکانتان دێت، بەسە ئەوەندە بیر لە شوهرەت مەکەنەوە لە جیاتی ئەوەی دنیا بتانناسێت ئێوە دنیا بناسن.

Karzan_ma82@yahoo. com